# بزووتنەوەی ڕیفراندۆم و ڕاپرسی نا ڕەسمی

لە ژمارە" 3583"ی کوردوستان نوێ دا هاتووە کە بزوتنەوەی ڕیفراندۆم لەڕۆژی هەڵبژاردندا لە دووری هەر 50 مەترێك لە بنکەکانی دەنگدانەوە بنکەیەك دادە نێن بۆ ئەنجام دانی ڕاپرسیەکی نارەسمی . من سەرەتا ئەمەوێت ئەوە بڵێم کە بۆ ئەم ماوەیە بزووتنەوەی ڕیفراندۆم کەوتوونەتە هەندێك جووڵەو لە دوای دەورەیەك لە مت بوون و بێ وەڵامیان بەرانبەر چەندین هێرش و دەست درێژی لەلایەن یاوەر و شۆڤێنێتی عەرەبی وە بۆ سەرخەڵکی کوردوستان .کۆنفراس , سەردانی یوئێن و پەرلەمانی بەریتانیا, ئێستاش دانانی سندووقی نارەسمی بۆ ڕاپرسیەکی نارەسمی دوو هۆی سەرەکی هەیە . یەکەم : بوونی کەمپینی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردوستان و هاتنە مەیدانی چەندین کەسایەتی ئازادیخوازوئینساندۆست لەدەوری خواستی جیابوونەوەی کوردوستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لە گەڵ ئومێد ێکی گەورەی خەڵکی کوردوستان بەم خواستە .دووەم : بۆ ئەوەی ئەو ئامانجەی کە بۆی پێکهاتووە بە ئاکامی بگەیەنێت و دەوری خۆی بگێڕێت لە فریودان و چاو بەست کردنی خەڵکی کوردوستان و بەلاڕێدا بردنی ئاوات و ئومێدێك کە خەڵکی کوردوستان هەیانە بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوە .ئێستا دێمە سەر باسی ئەو بەناو ڕاپرسیەو ئەو فریوکاریەی بە خەرج دراوە لەو پرۆسەیەدا کە لە ڕۆژی هەڵبژاردندا ئەنجام دەدرێت . سەیری ئەم عیبارەتە کەن کە هاتووە لە کوردوستانی نوێدا و دەڵێت هەرکەسێك " دوای ئەوەی دەنگ دەدات بۆ هەر سێ هەڵبژاردنەکە" داوای لێدەکەن بەشداری لەو هەڵمەتەدا بکات . سەیر کەن ئەم فریودان و ئەم بانگەشەیە بۆ هەڵبژاردن و لکاندنەوەی کوردوستان بە عێراقەوە دەکرێت لە لایەن ئەم بەڕێزانە وە. ئەم سندوقانەی ئەم بزوتنەوەیە دایاندەنێت بەناوی ڕاپرسیەوە بۆ ڕاکێشانی ئەو دەنگانەیە کە نارەزایەتیان هەیە بە ئیلحاق بوون بە عێراقەوەو ئومێدێکی جیاواز یان هەیە . سەیری ئەم قسەیە چەندە فریودەرانەیە خەڵك کە دەنگی دا بە ئیلحاق بوون بە عێراقەوە وەك ئەوەی ئەحزابی قەومی کوردو بزووتنەوەی ڕیفراندۆم کاری بۆ دەکەن بە ڕەسمی ئیتر ئەبێت ڕاپرسی بۆ ئەوەی دەتەوێت لەگەڵ عێراق بمێنی یان جیاببیتەوە چ مانایەکی هەبێت بە نا ڕەسمی . هەموو کەس دەزانێ لە دنیادا بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی لە ڕێگای ڕیفراندۆمەوە چارەسەردەکرێت و بە تایبەت کە چارەنووسی خەڵکی پێوە بەند بێت لە دیاری کردنی ئایندەی خۆیدا تەنها یەك پرس شەرعی و ئینسانیە ئەویش ئەوەیە لەم چوارچێوەیەدا دەمێنیتەوە یان سەربە خۆ ژیان دەکەیت . بەڵام ڕاپرسیەکەی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم دوای کارێکە پێشتر بڕاوەتەوە ئەم ڕاپرسیە لە سەردانی دکتۆرێك دەچێت بۆ لای نەخۆشێك کە گیانی لە دەست داوەو سەردانی دکتۆرەکە تەنها بۆ وەرگرتنی هەقدەستەکەیەتی.لەدنیادا هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی بەدوای ئەوەوەیە کارەکانی و پلاتفۆرمەکەی جێبکەو ێت و ببێتە بەدیل و چارەنووسی کۆمەڵگای پێوە بەندبێت بەڵام بە پێچەوانەوە ئەم ڕاپرسیەی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم پێش وەخت بانگەوازی ئەوەی بۆ کراوە کە کەس ئەنجامەکەیان لێوەرناگرێت . تەنانەت سەرپێی بوونی ئەم کارەو چەواشەکاریەکەی بە جۆرێکە" شێرکۆ بێکەس "دەڵێت ئەم کارەی ئێمە ئارەزوو مەندانەیەو مۆڵەتمان لە کەس وەرنەگرتووە . دەکرێت کەسێك لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا ئارەزوومەندانە کارێکی تایبەتی خۆی ئەنجام بدات بەڵام چارەنووسی کۆمەڵگا وخەڵك وژێر دەستە بوون ئارەزوومەندانە ئەنجام نادرێت .ئەوەی کە بەتەواوەتی دیووی ڕاستەقینەی ئەم ڕاپرسیە نیشان دەدات و باسی مۆڵەت ونارەسمی بونی دەکرێت لە هێنانەخوارەوەی ئاستی ئومێدو ئامادەی خەڵکی کوردوستانە بۆ جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ . لە کاتێکدا هەر ئەم بزووتنەوەیە خۆی شاهیدی نزیك بە دوو ملیۆن ئیمزای خەڵکی کوردوستانە بۆ سەربەخۆیی ئەگەر خەڵکی کوردوستان لەم هەلومە رجەی عێراقی تێدا دادەمەزرێتەوە بڕیار نەدات و بڕیاری خەڵك ڕەسمی

وجیدی وەر نەگیرێت ئیتر ئەبێت ئەم کارە بۆ کەی هەڵبگیرێ و کەی شەرعیەت وەربگرێت بڕیار و شەرعیەت و مۆڵەت لای خەڵکی کوردوستان خۆیەتی و کلیل و قوفڵەکەی لای هیچ کەسێك نیە "شێرکۆ بێکەس" دەڵێت بە پەناپرسیارەکانەوە ئالآی عێراق و کوردوستانمان داناوە بۆ دەنگ دەر کە دەنگ بە چی دەدات . ئەم قسەکەرانەی ناسیۆنالیزم و بزووتنەوەی ڕیفراندۆم ئەیانەوێت خواستی جیابوونەوەی کوردوستان لە خواستێکی ئینسانی و سیاسیەوە بۆ چارەسەرکردنی ستەمی میللی بگۆڕن بە چەکێکی تری دەستی ناسیۆنالیزمی کورد بۆ قووڵ کردنەوەی قڵشتی قەومی و بەر دەوام بوونی ئاشی شەڕ و ئینسان کوژی . ئەم کارەی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم پەردە یەکە لە پەردەکانی شانۆگەریەکەی و من پێم وایە کۆتایەکەیەتی و هەر ئەوەندەی ماوە دەرهێنەر و ئەکتەرەکانی ئەم شانۆگەریە بێن و لەسەر شانۆ خۆیان نیشان بە خەڵکی کوردوستان بدەن . بەڵام هیچ فریودانێك و چاوبەستێك ناتوانێت بەربەو ئاوات و ئارەزووە ئینسانی و سیاسیە بگرێت کە خەڵکی کوردوستان هەیانە بۆ سەربەخۆیی و نەگەڕانەوەیان بۆ پلە دووی و ژێر دەستەبوون . دوای سیناریۆی هەڵبژاردن کارەکانمان و تواناکانمان دەبێت جیدی ترو لێکهەڵپێکراوتربێت.کەمپینی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردوستان ئەو وەسیلەیەیە کە دەتوانێت بە پشتیوانی سەرجەم ئینسانە یەکسانیخواز و ئازادیخوازەکان ئاواتێك کە خەڵکی کوردوستان هەیانە بیهێنێتە دی .

بژی خەڵکی کوردوستان

بەرەو کوردوستانێکی ئازاد و سەربەخۆ

هیدایەت مەلا عەلی